کە بە ئێمە گەیشت نەوەیێکی پەرتەوازە بووین
یەکتریمان نەدەناسییەوە
ئاگربوو هەندێکی وەک پەمۆ لە باکوورەوە هێناوە
هەندێکیشی لە باشوور
باڵێکی لە خۆرهەڵاتەوە هێنا
باڵێکیشی لە خۆرئاوا
ئێستا هەموو جەستەمان ئاگرە ئاگر
کە دەست بەرز دەکەینەوە
هەموو کوورە ئاگرەکانی زەردەشت دەبینین
کە گۆرانی دەڵێین
هەموو پەرییەکانی میدیا سەما دەکەن
کە شین دەگێڕین
هەموو مردووەکانمان زیندوو دەبنەوە
هیچ ئاگردانێ ئەوەندەی ئاتەشگەدەی ئێمە
ئاگری جوان نییە
لەناو هەزاران ئاگردا ئاگری خۆمان دەناسینەوە
ئەو ئاگرە داگیرسێنەوە مێرێ

*     *     *





دواجار بوو ئەوم لەناو ئاگرا دیت
وەک بووکێکی راکشاو لەناو پەڕی نەرگز
وەک نەرگزێ لە بنی دەریا
وەک دەریایێ لە قووڵایی کریستاڵ
وەک کریستاڵێ لە هەڵم
وەک هەڵمێ لە ئاقیق و شەوبۆ
وەک شەوبۆیێ لە خەمێکی قووڵ
وەک خەمێکی قووڵ لەناو دڵم
دڵیشم وەک گۆزەیێ شکاو
وەک کوورەیێ لە ئاگر
لەناو بایێکی سەخت ئاسێ بووبوو
هاوارم دەکرد ئەی با تاوێ رەهامکەو لێمگەڕێ
با سەیری ئەفسانەی جوانی بکەم
خەریکە باڵم خاش دەکا و جوانییەکانم لێدەفڕێنێ
ئەویش هێشتا لە ناو تابووتی بێدەنگی
وەک هێشووێ ترێی رەشی ناو کافوور
وەک باوەشێ گیا
گیایێ لە بخووری سەمەرقەند



www.kurdistannet.org

**من هێندە سەیری ئاوێنەم کرد**
**تا لە ئاوێنەدا ئاسێ بووم**
**ئیدی بۆ ئەبەد نەمتوانی**
**لەناو جیوەی دڵی قوتار بم**
**ئێستاکە من خەمگینترین روخساری سەر زەویم+**





## بوڕاق

**ئەسپەکەم تاپۆی بوون و مانم رێکەوە**
**ئەم هەورە تورەیە رێی داوە**
**تاسەیێ دەروونم دەسمێ**
**ئاگری چیایان لە پێدەشتی دڵم بەردەدا**
**بڕیشت لە خەنەی سامالّە**
**دڵیشت بۆ هەوای کوێستانان**
**هەناسەی ئاگرین سەردەدا**
**دەزانی مالّاوایی سەختەو**
**رێگەوبان سەرما لوولی داوە**
**جا بۆیە شەلّالی خەم بووە ئەم چاوە**
**ئەو رۆژە بەفر بوو**
**سواریش ئەسپیان لە تەوێڵ بەستەوە**
**ئەو رۆژە بەفر بوو**



www.kurdistannet.org

